# ئاگادار بن
# شەحنکەرەوەیش سیخوڕی دەکات

لە جیهانی تەکنەلۆژیادا ئەوە هەر فلاش میمۆری و کردنەوەی سایت و کۆپی کردنی فایـــل نییە کە ڤایرۆس دەگوازێتەوە بەڵکو دەکرێت لە ڕێگای دیکەش ڤایرۆس و پرۆگرامی تێکدەر بخەنە ناو ئامێرە تەکنەلۆژییەکانەوە.

لەم ماوەیەدا گروپێك لە زانایانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ شـــەحنکەرەوەیەکیان دروســـت کردووە کە دەتوانێت لەگەڵ شـــەحنکردنەوەی ئایفۆن فایلی تێکدەریشـــی بۆ بنێرێت. ئەوانەی ئەو شاحینەیان بەرهەم هێناوە دەڵێن تەنیا لە یەك چرکەدا ئایفۆنەکە تووشـــی ڤایرۆس دێت. مەبەست لە چێکردنی ئەو شـــەحنکەرەوەیە بە بڕوای ئەوان ئەوەیە کە بەکارهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ هیچ لەخۆیان دڵنیا نەبن کە ئامێرەکانیان لە زۆر ڕێگای دیکەوە تووشـــی گرفتی فایلی تێکدەرانە دێت. هەروەها مەبەســـتێکی دیکەش لە بەرهەمهێنانی شـــەحنکەرەوەکە ئەوەیە کە بە کۆمپانیـــا ڕابگەیەنن کە لەمەولا لە بواری ئەمنیەتییەوە جیددیتر بن.






# نەوەی دووەمی کامێرای گەلەکسی سامسۆنگ

هێشتا کامێرای گەلەکســـی سامسۆنگ بەتەواوی نەکەوتۆتـــە بـــازاڕەوە کە نـــەوەی دووەمـــی کامێرای گالاکســـی بەناوی galaxy NX camera بەرهەم هات. کامێرای ناوبراو لە ریزی ئـــەو کامێرایانەیە کە لێنزی پیشەییان لەســـەرە. کامێراکە سیســـتەمی ئەندرۆیدی لەســـەرەو جگە لەوەش هەموو ئـــەو تایبەتمەندییانەی تێدایە کە ســـمارت فۆن واتە مۆبایلێکی هۆشمەنددایە. بەهۆی ئەو کامێرایەوە بە ئاســـانی دەتوانرێت وێنەکان هاوبەش بکەی بۆ ئامێرەکانی دیکە بەبێ وایەر بەڕێی بکەی. لە بـــواری کوالیتی و تواناییەوە بەقەد galaxy S3یە. زۆربەی پرۆگرامەکانـــی ئەندرۆید دەخوێنێتەوە و تەنانەت هەموو گەمەیەکـــی ئەندرۆیدی پێدەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا سیمکارتی دەچێتە سەر و دەکرێت وەك مۆبایلیش سوودی لێوەربگری.



# کیبۆرد و هێدستی
# تایبەت بە یاری ئەلکترۆنی

گەلێك جـــاران ئاماژەم بەوە داوە کە یاری ئەلکترۆنی لە ژیانی ئایندەی مرۆڤدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت، ئیدی شـــوێنی بازبازێن و خۆشارکێن و چاوبەستێن خەستەکێن...تاد گەمەی ئەلکترۆنـــی دەیگرێتەوە، گەمەی ئەلکترۆنـــی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە ئاماژەمان بە هەردوو لایەنەکەی کردووە، یاری ئەلکترۆنی چەندە زەین بەرەو پێش دەبات، ئەوەندەش جەســـتە لە جووڵانەوە دەخات.

کۆمپیوتەر، مۆبایل و ئێکس بۆکس، پلەی ستەیشـــن، سۆنی....تاد ئەو ئامێرانەن بۆ ئەنجامدانی یاری ئەلکترۆنی، بۆ گەمەی ئەلکترۆنی هەرچەندە ئەو ئامێرانەی باسمانکردن گرنگن، بەڵام ئامێری لاوەکیش کە بەو ئامێرانەوە پێوەند دەدرێن رۆڵی خۆیان دەبینن، وەك ماوس، کیبۆرد، هیدفۆن.. کۆمپانیای mad catz یەکێکە لەو کۆمپانیانەی کە ئامێری لاوەکی تایبەت بە گەمەکردن بەرهەم دێنێ.

ئەوانە چەند نموونەیەکن لە کیبۆرد و هێدستی تایبەت بە گەمەکردنی کۆمپانیای ناوبراو.





# کۆمپانیای ئەپڵ گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەر کۆمپیوتەری ماکدا دێنێ

کۆمپانیای ئەپڵ و بەرهەمەکانی کۆمپانیای ناوبراو ئەوەندە ناوازەن کە بۆ ئەوانەی شـــارەزای تەکنەلۆژیای دیجیتالین نامۆ نین، کەم کەس هەیە نەزانێت مۆبایلی ئایفۆن یان تەبلێتی ئایپاد یان کۆمپیوتەری ماك نەناسێت.

کۆمپیوتەری جۆری ماك پرۆ، کە هی کۆمپانیای ئەپڵە لەم دواییەدا ئەپڵ گۆڕانکارییەکی نوێی بەســـەر کۆمپیوتەرەکەدا هێناو بەجۆرێك ســـتایلەکەی گۆڕیوە کە زیاتر وەك کەپســـولی ئەوانە دەچێت کە بۆ بۆشایی ئاسمان دەڕۆن.

کۆمپیوتەرەکە لە ریزی کۆمپیوتەرە هەرە پێشـــکەوتووەکانی جیهاندایە، رامەکەی لە جۆری DDR3یە شەپۆلی بەرێکردنی 1866 میگاهێرتـــزە و خێراییەکـــەی 60 گیگابایـــت لـــە چرکەیەکدایـــە. خێرایی خوێندنەوەی فلاش 1.25 گیگابایتە لە چرکەیەکدا. کە 10 جاران خێراترە لە کۆمپیوتەری ماك پرۆی پێشوو. دوو کارتی گرافیکی لەســـەرە و بەجۆرێك لە شاشەی جۆری K4ی پشتیوانی دەکات.

# ئۆتۆمبێلەکە لەبەر پەنجەرە پارک بکە

کێشـــەی زۆربوونی ئۆتۆمبێل وانەبێت هەر هەولێر و هەرێمی کوردستانی گرتبێتەوە، بگرە زۆربەی شـــارە گەورەکانی جیهان لەگەڵ ئەم کێشەیە بەرەو روون، کێشەیەك هەروا بەرەو هەڵکشان دەچێت و پێناچێت چارەسەرێکی جیددی بۆ بدۆزرێتەوە. لە زۆربوونی ئۆتۆمبێلدا ئەوە هەر ژینگە نییە کە ئاڵوودە دەبێت، بگرە شـــوێنێکیش نامێنێت بۆ راگرتنی ئۆتۆمبێل. هەربۆیە هەوڵێکی جیددی لە ئارادایە کە ئۆتۆمبێلەکان بچووکتر بکەنەوە، بە جۆرێك کە لە هەموو شـــوێنێکدا جێگایان بێتەوە. "رۆمن میســـتیوك" کـــە دیزاینەرێکی ئۆتۆمبێلە لەم دواییـــەدا دیزاینی ئۆتۆمبێلێکی پڕۆی هێناوەتە بـــواری جێبەجێکردنەوە کە لەگـــەڵ ئۆتۆمبیلەکانی دیکە جیاوازی زۆرە، چونکـــە ئۆتۆمبێلەکە وەك جاڵجاڵۆکە بە حەوا هەڵدەچێت و خۆی لـــە بن پەنجەرەی ماڵەوە پارك دەکات، پاش ئەوەی کە ئۆتۆمبێلەکە بە دیوار هەڵچوو، کورســـییەکانی گۆڕانیان بەسەرداهێت و بە جۆرێك رێك دەخرێن کە بتوانرێت لە ناو ئۆتۆمبێلەکە بەرەو ژوورەوە بڕۆی.

کـــە ســـەیری ئۆتۆمبیلەکە دەکـــەی دەبینی هەمووی لە پەنجەرە دروســـت کـــراوە، هەروەها دوو تایەی ئۆتۆمبێلەکە دیارن، ئۆتۆمبێلەکە تەواو کارەباییە و بەهۆی کارەباوە شەحن دەبێتەوە.

رەنگـــە (پڕۆ مترۆمۆرف) لە داهاتـــوودا گۆڕانکارییەکی جیددی بەسەر جیهانی ئۆتۆمبێل دابهێنێ بەتایبەتی لە بواری پارك کردندا.



# شەحنکردنەوەی دەسکی گەمەی پلەی ستەیشن ٤



گەمەی ئەلکترۆنی بۆتە بەشێکی گرنگ لە تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم، هەربۆیە ئامێری زۆر تایبەتی بە گەمەکردن لەلایەن چەندین کۆمپانیاوە بەرهەمهاتوون. دەســـکی گەمەکردن لە وایەرەوە بۆتە وایەرلەیس، بەڵام گرفتێك لە دەســـکی گەمەی وایەرلەیـــس دا هەیە کـــە دەبێت شـــەحن بکرێتەوە. لـــەم دواییەدا کۆمپانیایەك شـــەحنکەرەوەیەکی تایبەت بە شـــەحنی دەسکی گەمەی بەرهەم هێناوە. شەحنکەرەوەی جۆری Nyko یەکەمین شەحنکەرەوەی تایبەت بە شەحنی دەسکی گەمەیە. شەحنکەرەوەیەك وەك پایەیەك دەچێت و دەسکی گەمەکەی لەسەر دادەندرێت، شاشەیەکی بچووکیش نیشانی دەدات کە چەندە شەحنی تێدایە.



# چاویلکەی ژیرۆکی مەلەوانی

مەلەوانــەکان دیارە مەبەســت ئەوانــە نین کە بۆ خۆشی و شادی مەلە دەکەن، بگرە ئەوانەی کە کاری توێژینەوەی زانســتی یــان کاری گرنگ لە قوڵایی دەریاکاندا ئەنجــام دەدەن ئامــرازەکان دەبێت لەگەڵ تەڕبوون و زەختی ئاودا بگونجێت.

ئــەو چاویلکەیەی کــە وێنەکەی لێــرەدا دەبینن، چاویلکەیەکی ئاســایی نییە بگرە زۆر هۆشــمەندە، چونکە لــەو چاویلکەیەدا سیســتەمی دیاریکردنی شــوێنی جوگرافی واتە GPS، دوگمەی وەڵامدانەوە، کامێرای 3D و بلوتوس هەیە.

سیستەمی دیاریکردنی شــوێنی جوگرافی شوێنی بەکارهێنەرەکــە و مەلەوانەکانی دیکە نیشــان دەدات. دوگمەی پەیوەندی ئەو خزمەتگوزارییەیە کە بەهۆیەوە دەکرێت لە ڕێگای شاشــە پێشــکەوتووەکەیەوە لەگەڵ مەلەوانەکانــی دیکە لە پەیوەندی دابیت. کامێرای 3D یش بۆ وێنەگرتن لە ژێر ئاوسوودی لێوەردەگیردرێت.

# ڕۆبۆتێکی فڕۆک بە زەینی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکرێت




مرۆڤ ئەوەی بیری لێبکاتەوە و بەخەیاڵی داهاتبێت ڕۆژێك دێت بیکات بە راســتەقینە، ئێوە دڵنیــام بە زەینتاندا هاتووە و خۆزگەتان خواســتووە کە تەباخەکە خۆی چێشتی لێنابا، یان تەلەڤزیۆنەکەتان چووبا ســەر ئەو کەناڵەی کە مەبەستتە، تەنیا بەبیرکردنەوە و بێ کۆنترۆڵ ئێستا ئەو ئاواتەی مرۆڤ هاتۆتە دی.

لە کۆلیژی ئەندازیاری و زانســتی زانکۆی "مینە سوتا" گروپێك لە پسپورانی بواری تەکنەلۆژی شێوازێکیان دۆزیوەتەوە کە پەیوەندیی هەبێت بە مێشکی مرۆڤەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو کەلوپەلانەی ســوودی لێوەردەگیرێت، یەکەم هەنگاویشیان لەو بوارەدا ڕۆبۆتێکی فڕۆك بووە کە بە مێشکی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکرێــت. گەردەلوولــی زەیــن (psychokinesis) یان توانای جووڵاندنــی کەلوپەل تەنیا بە ســوود وەرگرتن لە زەین یەکێك بووە لە ئاواتە دێرینەکانی مرۆڤ هەر ئەوەی لە فیلمە خەیاڵی زانستییەکاندا بینیوتانە.

لــەو روبۆتەدا کە لەســەر چەند کەســێك تاقیکرایەوە، بۆ نموونە یەکێك دەیویست بە دەستی راستی کارێك ئەنجام بدات، ڕۆبۆتەکە بۆ لای راســت دەسووڕایەوە. زۆر شتی دیکەیش کە لە زەینی بەکارهێنەرەکەدا دەگوزەرا.



## سایتێک بۆ سڕینەوەی فایلەکان لە ڤایرۆس



لــە ژمــارەی رابردوودا باســی خزمەتگوزارییەکــی گرنگــی گوگڵمان کردبوو کــە ئەرکی ئەوەیە کە بەبێ ئەنتی ڤایــرۆس فایلەکانی نــاو کۆمپیوتەرەکەت ســکان دەکات، ســکانکردن واتە چاوپێداگێڕان بەوەی کە ئایا ئەم فایلە ڤایرۆســی هەیە یان نییە.

لەم ژمارەیەشــدا باسی سایتێکی دیکــە دەکەیــن، ســایتی : http:// www.metascan-online.com یەکێکە لەو ســایتانەی کــە هەمان ئەرکی سایتی خزمەتگوزاری گوگڵ تایبەت بە سکانکردنی فایلەکان ئەنجام دەدات، سایتەکە تەنانەت فایلێکی 80 میگابایتیش سکان دەکات.

لەســەرەتادا دەچیتە سەر سایتەکە دوگمــەی Browse لێــدەدەی و فایلەکــە هەڵدەبژێری. پاشــان کلیك لەســەر Scan your file with Metascan دەکەی، پاشــان لەلای راست ژمارەی ئەو فایلانەی کە وەك ڤایرۆس ناسراون دەبینی.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



لە دوای ئەوەی کە فەیسبووك وەك گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی گشتگیر بووەو کەم کەس هەیە لەو تۆڕەدا ئەکاونتێکی نەبێت، هەربۆیە زۆربەی پرسیارەکان تایبەت بە فەیسبووك دەکرێن، وەك ئەوەی کە فەیسبووکەکەیان ناکرێتەوە، ئەگەر پاسۆردیان لەبیر بچێتەوە چ بکەن؟

یەکێك لە خوێنەرانیش پرسیارێکی لەم چەشنەی بۆ هاتۆتە پێش دەڵێت پەسۆردەکەم راست لێدەدەم کەچی فەیسبووکەکەم ناکرێتەوە بۆ ئەمە چ بکەم؟ خوێنەری بەرێز فەیسبووك چەندین شێوازی داناوە بۆ ئەو کاتانەی تووشی گرفتێکی وا دەبیت یان پەسۆردەکەت لەبیر دەچێتەوە. یەکەمیان لەبەشی ستینگدا ئەوەی کە ئایکۆنەکەی هێماکەی وەك گوڵێك دەچێت، لە بەشی تایبەت بە رێکخستندا لەوێدا دەتوانی ژمارەی مۆبایلی خۆت بنووسی، بۆ ئەوەی کە هەرکاتێك پەسۆردەکەت لەبیرچۆوە کۆدی نهێنی بۆ مۆبایلەکەت بێت، یان دەکرێت چەند وشەیەکی ئەمنی بنووسی، یان دەکرێت ناوی دوو هاورێی باوەرپێکراوی خۆت بنووسی بۆ ئەوەی لەکاتی گرفتدا کۆدی نهێنییەکە بۆ ئەو هاورێیانەت بێت. هەربۆیە گەر لەسەرەتادا ئەو هەنگاوانە بگرنەبەر دواتر چارەسەرکردنەکەی ئاسان دەبێت.



## کۆمپیوتەری بچووکی سەر مێزی ئەیسۆس

ئەیسۆس کە یەکێکە لە کۆمپانیا پێشکەوتووەکانی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی و لە بواری کۆمپیوتەردا چالاکی هەیە لە پێشانگای ساڵانەی کامپیوتێکسدا بۆ یەکەمین جار کۆمپیوتەری جۆری ViVo PC نمایش کرد. ئەم کۆمپیوتەرە بچووکە پرۆسیسەری جۆری چوارەمی ئەنتەڵ دەخوێنێتەوە. هەروەها دەکرێت بۆ هەڵگرتنی داتاکان لە رام یان فلاش میمۆری سوود وەربگیردرێت.

بچووك کردنەوەی کۆمپیوتەری سەرمێز چەند ساڵێك دەبێت دەستی پێکردووەو هۆکارەکەشی بۆ پەرەسەندنی لاپتۆپ و تەبلێت دەگەرێتەوە، هەربۆیە هەوڵەکان چڕکراونەتەوە کە کۆمپیوتەری سەرمێز بە قەد لاپتۆپ و بەکێشی لاپتۆپ بەرهەم بێن. کۆمپانیای ئەپڵ و ئەیسەر چەندین نموونەیان بەرهەم هێناوە.

تایبەتمەندی کۆمپیوتەری سەرمێزی ئەیسۆس ئەمانەیە:

* پرۆسیسەری نەوەی چوارەمی ئەنتەڵ.
* رامی 2 سلاید DDR3 تا 16 گیگابایت.
* کارتی گرافیکی Intel HD
* سیستەمی بلوتوسی 4، ئەنتەرنێت گیگابایت، وای-فای لەگەڵ چەندین تایبەتمەندی تر.

## پرۆگرامێک بۆ پێشگرتن لە کۆپیکردنی نایاسایی

گەلێك جاران پرۆگرامێك یان وێنەیەك یان فایلێکی ڤیدیۆییت هەیەو دەتەوێ لە ئینتەرنێت دایبەزێنی، بەڵام کەسانی دیکە نەتوانن کۆپی بکەن. زۆرجاران لەگوگڵدا وێنەیەك دەدۆزینەوەو نیازتان هەیە بۆ مەبەستێك بەکاری بهێنن و دایبەزێنن، بەڵام کاتێك دادەبەزێت دەبینن، لەسەر وێنەکە نووسراوێك هەیە کە لە زانستی کۆمپیوتەردا بەو نووسراوە دەگوترێت watermark. بەهۆی ئەوەوە دەزانرێت کە بینەر لە هەر شوێنێك ئەو وێنەیەی بینی بزانێ کێ ئەو وێنەیەی داناوە، زۆر جار ئەم نووسینە دەکەوێتە سەر فایلەکانی PDFیش. گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەن و نووسینێك دەخەنە سەر وێنە بۆ ئەوەی کە بەرگری لە کۆپی نایاسایی بکەن. پرۆگرامی Watermark Master یەکێکە لەو پرۆگرامانە کە ئیزن بە بەکارهێنەر دەدات کە بە ئاسانی نووسینێك لەسەر وێنە دابنێت.




جیاوازی پرۆگرامەکە لەگەڵ پرۆگرامە هاوشێوەکانی ئەوەیە کە دەکرێت ئەو هێمایە لەسەر فیلمیش دابنێت و تەنانەت لەسەر ئەو پرۆگرامەی کە بەکارهێنەر دروستی دەکات. دەکرێت دەق یان وێنە یان ئەنیمەیشن لەسەر وێنە یا فیلمەکە دابندرێت. دەیان ئیفێکتی سەرنج راکێشی تێدایە.